سەماحەتی حەکیم داوای بایەخدان بە تیپە میللییەکان دەکات و داوا دەکات ڕێگایەك بە قەستنەوەی توانای بەهرەمەندەکان هەبێت

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز عەدنان درجال سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقی و لێم دیدارە بەڕێزیان گوێبیستی پلانەکانی فیدراسیۆنەکە بوو بە پێشخستنی تۆپی پێی عێراق و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر و پیرۆزبایی دەستپێکی وەرزی تازەی خولی عێراقی کرد و جێختی کردەوە لەسەر پێویستی پێشخستنی خولەکە و بایەخدان بە خولی لاوان و تازەپێگەیشتوان و ئاکەشانی پارە و وەبەرهێنەران.

سەماحەتی حەکیم ڕوونی کردەوە کە گرنگە ئەو خولیایەی تۆپی پێ لە وڵات بە باشی بقەسترێتەوە لە ڕووی کوالیتی و لەڕووی ڕێشنبیرکردن و بنیاتنانی کەسایەتی بە لاوی عێراقی و پاراستنی لە بیرکەی خراپ و دوور لە ڕەوشت، داواشی کرد بایەخ بە تیپە میلییەکان بدرێت و ڕێگایەك بدۆزرێتەوە بە ئەوەی توانای بەهرەمەندەکان بقەسترێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە پێویستە پالپشتی ڕەوەی هەبژاردەی عێراق بین لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی و جێختی کردەوە لەسەر باش ڕەکخستنی یارییەکان کردەوە و داوای کرد کە یاریگا زەبەلاح دروست بکرێت بە ئەوەی بتوانێت ئەو ژمارە گەورانە هاندەران لە خۆ بگرێت کە هەموو جارێك بە یارییەکان هەبژاردەکە ڕوو لە دەرگای یاریگاکان دەکەن.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە هەماهەنگی لە نێوان دەزگا وەرزشییەکان بکرێت و کەرتی تایبەت لە پاڵپشت و پێشخستنی یارییەکان و سوود وەگرتن لە بوار و ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پزیشکی وەرزشی و بنیاتنانی دام و دەزگای پزیشکی وەرزشیدا.